# کێ دەبێت سەرۆکی باشووری کوردستان بێت؟

پێنج شەممە, 25 نیسان 2013 13:48



## بەختیار شەمەیی....

ئەم پرسە بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی نەتەوە و نیشتمانەکەمان، پرسێکی گرنگ و چارەنووسسازە، هەربۆیە زۆر بەکورتی، بەم چەند وشەیە، هەوڵ دەدەم چەند بۆچوون و پێشنیازێک پێشکەش بکەم:

بۆ سەرۆکایەتیی باشووری کوردستان، پێویستە و دەبێت دەنگ بە کورد و کوردستانییەک بدەین کە پێش هەموو شتێک، مرۆڤدۆست و نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر بێت، رابردووی پاک و خاوێن بێت، بەشداریی شەڕی براکوژی و کوردکوشتنی نەکردبێت، هاوکاریی دوژمنانی کورد و داگیرکەکارنی کوردستانی نەکردبێت، بە هزر و بە کردەوە تێکۆشەرێکی کوردستانی و میللەتپەروەر بێت، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان و هەموو هاونیشتمانیان، لە پێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە دابنێت، دڵسۆز و ئازا و لەخۆبردوو بێت، پڕوای تەواوی بە ئازادی کورد و یەککگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان هەبێت و ئەم ئامانجە پیرۆزەی لا پیرۆز بێت و لەم هەنگامەدا تەنها هەر لەپێناوی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا بیربکاتەوە و تێبکۆشێت و بۆی بژی. هەموو کورد و هاونیشتمانییەکی کوردستان بە دایک و باوک و خوشک و برا و کچ و کوڕ و هاوبیر و هاوڕێ و

هەڤاڵ و دۆست و خۆشەویستی خۆی بزانێت. بەرامبەر ئەرک و مافەکانی هەموو هاونیشتمانیان و هەموو لایەنێک، جیاوازی نەکات و هەڵاواردن بەکار نەهێنێت، یاسای لا سەروەر بێت و لەسەرو دەسەڵاتی خۆی و هەموو کەس و لایەنێکی دیکەوەی بزانێت. ناوچەگەری و خێلچێتی و شارچێتی و خزم خزمێنە نەکات و بە هەموو هزر و هێز و توانایەکییەوە بەرامبەر ئەم دیاردە زیانبەخشانە بوەستێتەوە. هەوڵ بۆ سەرمایەداربوونی خۆی و کەسوکار و دەست و پێوەندەکانی نەدات. وا بیر نەکاتەوە کە ئیتر نابێت هەرگیز دەستبەرداری کورسیی دەسەڵات ببێت و هەتا مردن هەر دەبێت خۆی سەرۆک بێت؟!، دەبێت بە واتای وشە خوێنەوار و رۆشنبیر و زیرەک و ژیر و ئارام بێت، ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیریی باڵا بێت، لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا، پڕیاری تاکەکەسیی نەدات و گوێ لە میللەت و دەوروبەرکەی بگرێت و گوێ لە رەخنەی هەمووان بگرێت، ئەگەر هەڵەیەکی کرد، دەبێت و پێویستە بەفەڕمی دان بە هەڵەکەی خۆیدا بنێت و لێی پەشیمان ببێتەوە و بەڵێنی دووبارەنەکردنەوەی بەئاشکرا بە میلەت بدات. دەبێت هەموو جیاوازییەکانی لا پەسەند بێت و دانیان پێدابنێت و و وەکو پێویست رێزیان لێبگرێت.لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ و ئایین و رەنگ و رەگەز، سزای هیچ کەس و هیچ لایەنێک نەدات. پێویستە و دەبێت، بەرگریکردن و پاراستنی هەموو مافە رەواکانی کەمەنەتەوەییەکانی کوردستان، بە ئەرک و فەرمانی خۆی و هەموو هاونیشتمانییەکی دیکە بزانێت و بە یاسا و بە کردەوە هەموو ئەرک و مافە رەواکانیان بۆ مسۆگەر بکات. دەبێت و پێویستە ژیانی خۆی و خێزانەکەی وەک ژیانی زۆرێتیی میللەت بێت و خۆی و خێزان و کەسوکارەکان و دەوروبەرەکەی وەکو پاشا نەژین و میللەتەکەیشی وەکو هەژار و گەدا نەژین. ئەو سەرۆکە هەر دەبێت و پێویستە کەسێک بێت کە یاساپەروەر و دادپەروەر و بەویژدان بێت. لەکۆتاییدا دەڵێم: هیوادارم لە

داهاتوودا کورد و کوردستان ببێتە خاوەنی سەرۆکێکی لەم شێوەیە کە خاوەنی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە بێت.